**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران**
**کومێسیۆنی تەشکیلات**

**ژمارە:**
**ڕێکەوت: ٢٢ / ٣ /١٣٨٧**



**هاوڕێی تێکۆشەر!**

**سلاو!**

**بە مەبەستی هەرچی بەشکۆتر بەڕێوەبردنی ٢٢ی پووشپەڕ، ئەمساڵ پێویستە لە ساڵانی رابردووزیاتر خۆمان ماندوو بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە جۆرێك خەڵك ڕێك بخەین، کە بە یەکڕیزیو یەکگرتوویی‌و یەکدەنگییەکی تەواوەوە، بە شێوەی بەرفراوان‌و گشتگیر ڕێز لە یادو بیرەوەری ڕێبەری گەورەی نەتەوەکەمان شەهید دوکتور قاسملوو بگرین‌و بکوژانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە هەرچی زیاتر شەرمەزار بکەین‌و هەروەها هەم بە دوژمنانی گەل‌و هەم بە بیرو ڕای گشتی جیهان بسەلمێنین تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ڕێبەرە مێژوویەمان درێژە بە ڕێبازە پیرۆزەکەی دەدەین.**

**بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە یەکدەنگو یەك شێوە ئەم یادە بەڕێوە بچێت، هەر بۆیە داوا دەکەین ئەم خاڵانەی خوارەوە بە گوێی خەڵکی کوردستان بگەیەنن.**

**١) هەر کەس لە ماڵ‌و شوێنی ژیانی خۆی کاتژمێر ١٠ی شەو بۆ ماوەی ٣ی خولەك، رووناکی ماڵەکەی بکوژێنێتەوە.**

**٢) ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ کەس دووکان‌و بازاڕ نەکاتەوەو دووکان‌و بازاڕەکان داخراو بن.**

**٣) ڕۆژی هەینی (ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ) ئەو کەسانەی کە دەچنە شاخ‌و سەیرانگاکان، جلوبەرگی کوردی بپۆشن.**

**٤) ڕۆژی شەممە ٢٢ی پووشپەڕ، کاتژمێر ٦ی ئێوارە بە کاتی تاران، هاووڵاتیان بە جلوبەرگی کوردییەوە بێنە سەر شەقام‌و ماوەی ١ کاتژمێر لەسەر شەقامەکان بمێننەوە.**

**٥) خەڵکی ئاواییەکان ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ هاتوچۆی شارەکان نەکەن‌و لە ئاواییەکانی خۆیاندا بمێننەوەو ڕێز لەو یادە بگرن.**

**تا گەیشتن بە ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەر بێ‌هەدادان تێ‌دەکۆشین**

هەر بژین‌و سەرکەوتوو بن

کومێسیۆنی تەشکیلات